بلینکن: ئەمانەوەت کۆتایی بە جەنگی حەماس - ئیسرائیل بهێنین

ئەنتۆنی بلینکن لە عەمانەوە لە میانەی کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسی دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ وەزیرانی دەرەوەی میسر و ئوردن ڕایگەیاند، زۆر سوپاسی ئەو وڵاتانە دەکەم کە کاردەکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕێگەگرتن لە فراوانبوونی جەنگی حەماس – ئیسرائیل.

بلینکن ڕاشیگەیاند، ئێمە هاتووینەتە ئێرە بۆ ئەوەی جەنگی ئیسرائیل - حەماس کۆتایی پێبێت.

ئاماژەی بەوەشکرد، هەموومان ڕازی بووین بەرژەوەندییەکانمان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بپارێزین و ڕێگری لە هەوڵەکانی فراوانبوونی شەڕ بکرێت.

دووپاتیشیکردەوە، ئەمە قسەمان لەبارەی ڕێگرییەکانی فراوانبوونی جەنگ لە غەززە کرد، هەروەها دووپاتیشکرایەوە کە هاوکاری مرۆیی بگاتە غەززە.

بلینکن ئەوەشی خستەڕوو، کە باسی بارمتەکانیش کراوەتە، ئێمە قسەمان لەگەڵ ئێران لە بارەی جەنگی حەماس – ئیسرائیل کردووە.

گوتیشی: "پێویستە ڕێککارەکان بۆ بەئامانج نەگرتنی هاووڵاتییانی سڤیل لە غەززە لەلایەن

ئیسرائیلەوە بگیرتەبەر، من منداڵی خۆم دەبینم کاتێك دێی غەززە دەبینم".